# حوسام ڕەسامیش تامی ماستی هەولێری کرد ....!!!

**رزگار کۆچەر**

rzgarkochar@hotmail.com

پاش ئەوەی حوسام رەسام گەیشتە هەولێر رۆژنامەنوسێکی گەنج واستەی دونیای کرد تا دیمانەیەک لەگەل گۆرانی بێژحوسام رەسام ئەنجام بدات , خۆش بەختانە ئەو تازە رۆژنامەنووسە بە دیداری حوسام شاد بوو , یەکیٚ لەم پرسیارانەی کە ئەم رۆژنامەنوسە رووبەرووی حوسامی کردبۆوە ئاخۆ کاک حوسام لەم سەردانەی چۆن کوردستانی دەبینیٚ چ قسەیەکی هەیە بۆ هەوادارانی لە کوردستان....؟؟
حوسامیش وەک بڵێیت لە نەجف و کەربەلا و بەعقوبە و ئەنبار وەڵامی رۆژنامەنوسان بداتەوە و بیٚ یەک و دوو بیٚ ترس و دڵە راوکیٚ دەڵێت ماکو کوردستان کلنا عراقین !!! دەبزانن لە ماڵی خۆمان کێوەلیەک دەڵێت ماکو کوردستان من دەپرسم کا وەڵامی کار بەدەستانی وەزارەتی رۆشەنبیری کا هەلویستی رێکخراوی هونەرمەندان ؟؟؟ ئەی کوا ئەرکە نەتەوایەتیەکانی وەزارەت بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد تا جارێکی تر بە ئاوازێک ئاشنا نەبێتەوە کە هەڵی دەپەرێنێت کەچی تێی ناگات ؟؟
من نازانم و تێناگەم بۆیە دەپرسم ئەو پرۆژە عێراقچیانە چ دەزگایەک کاری بۆ دەکات و بۆ رێگایان لێناگیرێت ؟؟؟
بۆ هەمان کارێش بۆ هونەرمەندە کوردەکان ناکرێت و بە هەمان شێوە پێشوازیان لێناکرێت و ریکلام بۆ بەرهەمەکانیان ناکرێت , بەچ هەقێک رێگا بە هونەرمەندێکی عەرەبی کۆنە بەعسی دەدرێت تا لە سەر خاکی کوردستان وابڵێت و وا بکات بۆ دەهێلن گەنج و لاوی کورد لەبەردەم موتربێکی کاولیەکان رەقس و سەما بکەن و هوتافاتی کۆنە رەفیقەکان بڵێنەوە , دیسان دەپرسم ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەیبینین جۆریک نیە لە تەعریبکردنەوەی بیرو سۆزو هەستی گەنجان , خۆ ئێمە دەمێکە نامۆبووینە بەم ئاوازو رێتمە نەشازانەی کە یادگاری زۆر ناخۆشمان لەگەڵیان دا هەیە رۆژانی شەرو حەواسم و شەری عێراق ئێران بیر دێتەوە, من دەپرسم ئەوە خێرە ئێستا ئەوەی خۆشی بە خاوەن بیری ناسیۆنالیستی کوردی و نەتەوەی ئەژمێرێت دوا لاپەری رۆژنامەکەی بەرامبەر برێک پارە بۆ گۆرانیبێژێکی کێوەلی تەرخان دەکات تا گەنجان جانسی ئەوەیان هەبێت پلیتی ئەو ئاهەنگەیان بەرکەوێت کە حوسام ئەنجامی دەدات , یان ئەوە خێرە ئەو سەنتەرە هۆشیاریەی کە گەنجان رووی تێدەکەن بۆ خوێندنەوە و نێت کردن و هۆشیار بوونەوە بەردەرگاکەی بە وێنەی حوسام دەرازێندرێتەوە , من تێناگەم بۆ کاتێک هونەرمەندێکی کورد لە هاندەران دەگەرێتەوە خاکی کوردستان کە زێدی باوک و باپیرانێتی بۆ بەم شێوەیە پێشوازی لێناکرێت و رۆژنامەنووسان ئەو ئەرکە ئەخلاقیە جیٚ بەجیٚ ناکەن تا لە دیمانەیەک خاڵ لەسەر ووشەکان دابنێن , تێناگەم بۆ ئەگەر هونەرمەندێکی کورد بیەوێت کۆنسیرتێک ساز بکات هەزارو یەک بیانوی نامەعقولی بۆ رێک دەخەن و تا وای لێدەکەین کە زۆر زوو بە دڵ شکاوی بگەرێتەوە هەندەران نموونەی ئەمەش زۆرە گەر پێویستی کرد لە کاتی خۆی باسی دەکەم ..

بۆ نموونە لەم ماوەیە هونەرمەندێکی کورد لە هەندەران گەرا بۆ وە کوردستان لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشەنبیری بریار درا کۆنسیرتێکی بۆ ساز بکرێت و واش کرا و بڵێنەکە جیٚ بەجیٚ کرا بەڵام داخەکەم کاتێک هونەرمەندەکە هاتە سەر تەختی شانۆی هۆڵی های ستی لە هەولێر وەخت بوو لە هۆش خۆی بچێت کاتێک لە بیست گەنج زیاتری نەبینی لە هۆڵەکە ئامادەن , من دەپرسم باشە بۆ دوو ساڵ پێش ئێستا زۆربەی زۆری کافتریاو بازرگەکانی کوردستان بەرهەمی سێدی ئەو هونەرمەندە کوردانەیان دەخستە سەر کە زۆرجار دەمان بیست گەنجان لە گفتوگۆکانی نێوانیان دەیان ووت هونەرمەند ...... شۆرشێکی هونەری کردووە جارێکی تر مەحاڵە گەنجی کورد گویٚ لە ئیبراهیم و کازم بگرێت !!!!!!!
منیش دەڵێم عەفوتان فەرموو لەوەتەی هەندیٚ لە هونەرمەندانی کورد پیشەی خۆیان بیرچۆتەوە و بونەتە بازرگان حوسام رەسام و زۆر کێوەلی تریش لە ئایندە دەبێنە میوانی هەمیشەی کوردستان و لەناو چاوانیشمان وەک موتەلەگ و کۆنە بەعسیەکان دەڵێن ماکو کوردستان کلنا عراقیین ..